# هیچ کەس ناتوانێت دەنگی(سەکۆ)کپ بکات...

**عەزیز ڕەئووف**

ژمارە سفری ڕۆژنامەی سەکۆ لە ڕۆژی(2004/8/30)کەوتە بەردەستی خوێنەرانی ئازیزووەك ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی لەلایەن ڕەوتی نیشتمانی کوردستانەوە پاڵپشتی لە دەرچوونی دەکرێت.ئاشکرایە سەکۆ هەر لە سەرەتای دەرچونیەوە,داواکاری ڕەسمی‌وياسايی پێشکەش بە وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد بۆ ئەوەی وەك هەر ڕۆژنامەیەکی تر مۆڵەتی فەرمی‌وياسايی پی بدرێت.بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپ‌وتەنگەژە سیاسی‌وئابووریەی بۆ ڕەوتی نیشتمانی کوردستان دروست کرا.سەکۆش بە هەمان شێوە ڕووبەڕوی ئاستەنگ‌وناخۆشی زۆر بووە.ئەوەتا لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری ئەندامی حزبی زەحمەتکێشانەودروشمیان دژایەتی کردن‌وڕێگری کردنە لەهەر هەنگاوێکی خەباتی ڕەوتی نیشتمانی کوردستان.بۆیە ئەو حزبە مۆدێرن‌وئازادی خوازوچەپ‌وديموكراتە!!!تەنها لەبەر ئەوەی سەکۆ وەك ڕۆژنامەیەك لەلایەن ڕەوتی نیشتمانیەوە پاڵپشت لە دەرچوونەکەی دەکرێت.ئەوەندە دەسەڵاتەی هەیان بوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەوە بوو کە مۆڵەتی ڕەسمی بە دەرچوونی سەکۆ نەدەن.لەتەك ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕەوتی نیشتمانی کوردستان,بە درێژایی هەشت مانگی ڕابردوو زۆر بەتوندی‌وچڕی کەوتە ژێر سێرەی سیاسەتی(ئیحتیوا)کردن‌وئابلۆقەی ئابووری‌وسیاسی‌وئیداری خرایە سەروسەکۆش بەشی خۆی لەم دۆر پێچە ئابوورییە بەرکەوت‌ولە حاڵەتێکی پڕ هەژاری‌ودەست کورتی ژمارەکانی دەکەوتنە بەردەستی خوێنەران. وێڕای ئەم شتانەی سەرەوەش,چۆن ڕەوت وەك حزبێکی سیاسی سەربەخۆوئازادی خواز،کەوتبووە نێو تۆڕی پیلانی لە ناوبردن‌وهەوڵی سڕینەوەی دەدرا.ئاوا سەکۆش بە ئامانج گیرا بوو.بۆ ئەوەی کۆتایی پی بهێنن‌ودەنگی کپ بکەنەوە.ئەوە تا دوای ئەوەی پیلانێکی نەفامانە بۆ لە ناوبردنی ڕەوتی نیشتمانی کوردستان،لە شەوی(2005/3/16)،بە دەست کێشی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی‌وبە هاوکاری ژێربەژێر لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرانبەر بە ڕەوت‌وبارەگاکانمان جێبەجێ کرا.هەر ئەو شەوە بارەگای ڕۆژنامەی سەکۆش کە بارەگایەکی بی پاسەوان‌ومەدەنی بوو.لەلایەن ئاسایشەوە دەستی بەسەردا گیراوئاڵای سەوزی لەسەر هەڵدرا.جگە لەوەی تەواوی کەل‌وپەڵ‌وئامێرەکانی چاپ کردنی سەکۆ تەسلیم بە ئاسایش کرا.ئەو ڕووزەرد‌وپیلانگێڕانەی کە بە ناوی ڕەوتی نیشتمانیەوە بوونە یەکێتی‌وبێ شەرمانە پەلاماری سەکۆشیان داوژمارەی زۆڵیان لە ڕۆژی(2005/3/19)بە هاوکاری یەکێتی بڵاو کردەوە.لە م ژمارەیەدا بە ناوی سەکۆوە ماڵئاوایی لە خوێنەران دەکەن‌ووەك دوا ژمارەی کۆتایی تەمەنی ڕۆژنامەی سەکۆ ڕادەگەیەنن.ئەم ژمارە بە لای ئێمەوە ژمارەی(7)ی سەکۆ نیە بگرە ژمارەیەکی زۆڵەوبە هیچ شێوەیەك ناچێتە ڕیزی ژمارەکانی تری سەکۆوە.بۆیە ژمارەی(7)ی سەکۆ ئەوەیە کە ئیمڕۆ دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی‌ومانەوەو بەردەوامی ڕادەگەیەنین‌ووەك کۆڵەمشتیش دەکشێ بە ناو دەمی خیانەتکارانی نێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا.سەکۆ زۆر گەورەترە لەوەی کە کۆمەڵێك کەس وێڵ بە دوای پلەوپایەودەسکەوتی تایبەتی بتوانن بڕیار لە کۆتایی بدەن،لە ڕووی یاسایش هەر ڕۆژنامەیەك تەنها خاوەنی ئیمتیازەکەی دەتوانێت ڕای بگرێت،یان کۆتایی پێ بهێنێت.نەك کەسانێك کە هیچ پەیوەندییان بە ئیمتیازی ڕۆژنامەکەوە نەبێت.بەڵام ئەوانەی کە شەرمیان نەکردولە چوارچێوەی پیلانێکی سەربازی‌ولە ڕێگای دەست گرتن بەسەر بارەگاکانی ڕەوت،کۆتایی ڕەوتی نیشتمانی ڕابگەیەنن،هەڵبەت ئەوەشیان لی چاوەڕێ دەکرا بارەگای ڕۆژنامەیەك‌وکەلوپەلەکانی ڕادەستی ئاسایش بکەن‌ولە ژمارەیەکی زۆڵیش جاڕی کۆتایی بدەن.ئێمە وەك ستافی سەکۆ ئەو هەنگاوە ڕوو زەردانەی سەرنووسەری پێشووئەوانەی لە پشتی بوون،ڕیسوا‌ومەحکوم دەکەین‌وبە دەست درێژی بۆ سەر ئازادی ڕۆژنامەگەری لە قەلەمی دەدەین،هەروا خوێنەرانی دڵنیا دەکەینەوە کە ئەوانە چۆن نەیان توانی ڕەوتی نیشتمانی کوردستان،لە ناو بەرن،ئاواش نەیان توانیوە کۆتایی بە سەکۆ بهێنن.

لە کۆتایدا بەڵێن دەدەین،لە ئایندە،بە گوێرەی تواناکانی خۆمان،ئەرکی نیشتمانی ونەتەوەیی ومەدەنیانەی خۆمان جیبەجی بکەین وڕێبازی ڕەخنە لە خراپ وکارە ناشیرینەکان وپشتیوانی لە باشەکاری وئازادی ومافی مرۆڤ درێژە پێ بدەین.داواش لە نووسەران وڕۆژنامەوانان وتەواوی ئازادیخوازان دەکەین،لە ئاستی ئەم جۆرە سوکایەتی کردنە بە پیرۆزی ڕۆژنامەوڕۆژنامەگەری بی دەنگ نەبن وبەش بە حاڵی خۆیان داکۆکی لە مافی خوراوی ئێمە بکەن.لە هەمان کاتدا لاپەڕەکانی سەکۆ چاوەڕێی هاوکاری وبەرهەمی بەپێزی نووسەرانی خۆشەویستە.هەر لێرەوەش داوا لە ئاسایشی سلێمانی دەکەین کە بەزووترین کات تەواوی کەل وپەل ودەزگاکانی چاپ وبارەگای ڕۆژنامەکەمان ئازاد بکەن وقەرەبووی زیانە ماددی ومەعنەوییەکانیشمان بکەنەوە.

بژی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان.

ریسوا بێت دەست درێژی وخیانەتی ڕۆژنامەوانی.

Azizrauf2003@yahoo.com